# نامەیەکی کراوە بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان

پاش سڵاو...

بەڕێزان وەك خۆتان لەنزیکەوە ئاگادارن لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پرۆژەیاسایەك خراوەتە بەردەم پارلەنی کوردستان بەناوی(پرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسی کوردستان) بە مەبەستی بەیاساییکردنی .

ئێمە لە (دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین) کە کۆمەڵێك خەڵکی ئازادیخواز و ڕوناکبیر و نوسەر و ڕۆژنامەنوس لە کوردستان پێکمانهێناوە پێمانوایە ئەو پرۆژە یاسایە بێجگەلەوەی کە خزمەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری ناکات لە کوردستان لە هەمانکاتدا ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرتەسك دەکاتەوە و ڕێگری گەورە دەخاتە بەردەم ڕەوشی ئازادیخوای .

ئێمە بۆ بەرگرتن بە بەیاسایی بونی ئەو پرۆژەیە لەڕابردودا هەڵمەتێکمان دەسپێکرد کە بێجگە لەوەی چەند کۆڕوسیمنارمان گێڕاوە بۆڕۆشنکردنەوەی ناوەرۆکی یاساکە بۆخەڵکی , لەهەمانکاتدا مەترسیەکانی ئەو پرۆژەیەمان لەبەردەم ڕەوشی ئازادیخوازی لەکوردستان سەرنج پێداوە , وە خۆشبەختانە پشتیوانیەکی گەورەمان بۆ بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەشێوەی ئیمزا و پەیامی پشتیوانی دەستەیی و ....بەدەستهێناوە و هەڵمەتەکەشمان بەردەوامی هەیە و دەبێت.

بەڵام هەتا ئێستا پەرلەمانی کوردستان خەریکی تاوتوێکردنی ئەم پرۆژەیەیە و ڕەنگە بەمنزیکانە بەمەبەستی دەنگدان لەسەری بیخاتە بەردەم ئێوە ی ئەندام پەرلەمان ، ئێمە وەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکردوە پێمانوایە پرۆژەیەکی دواکوتوە و بانگەوازمان بۆئێوە ئەوەیە کە دیفاع لە ئازادیخوازی بکەن و دەنگ نەدەن بە پرۆژەیاسیەك کە زمانی ڕۆژنامەنووسان دەبەستێت لەبەرانبەر بە ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕی خێڵەکی و تایفیەکان و بەبیانوی جۆراوجۆر ڕۆژنامەنووسان دوچاری سزا دەکاتەوە .

ئێمە پێمانباش بوو بێینە ناو هۆڵی پەرلەمان و ڕای خۆمان لەوبارەیەوە بڵێن وەلیٚڕێگەمان پێنەدرا ,بەڵام ئێمە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان پشتیوانی ئێوە ئەو ئەندام پارلەمانانە دە کەین کە دەنگی(نـــا) بەو پرۆژە یاسایەدەدەن و هیوادارین لەم کاتەدا بۆ بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی پشتیوانی یەك بین.

وە لە داهاتودا یاسیەك لەڕێگەی بەژداری ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسان لەڕێگەی وۆرکشۆپ و ڕێگەکانی دیکەوە گەڵاڵەبکرێت کە ئازادی بیٚ مەرج و سانسۆر بۆڕۆژنامەنووسان فەراهەم بکات , بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی لەم بابەتە دەستەکەی ئێمە ئامادەیی تێدایە .

**دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین**

2007/12/3